**ڕێزدار بەرپرسی ماڵپەڕی (دەنگەکان)**

وێڕای ڕێز و حورمەت و هیوای سەرکەوتنتان، تکایە ئەو چەند سەرنج و دەستاوێژانەی کە لە خوارەوە دەخرێنە ڕوو، بۆ ئاگاداریی نووسەری بەڕێز کاک «عەبدوڵڵا سەمەدی» خاوەنی نووسراوەی (ئاورێک وەسەر ژیان و بەرهەمی هونەرمەندی کورد خەلیلی سەددیقی) کە کاتی خۆی لە گۆڤاری گزینگ(ژمارە27) بە نێوی خوازراوی **«م. مازیار»** چاپکرابوو و، ئێستە لە ماڵپەڕەکەتان (ڕۆژی 24-11-2004 ) دا چاپ کراوەتەوە، بڵاوبکەنەوە تا هەم خوێنەرەوانی بەڕێزی ماڵپەڕی «دەنگەکان» و، هەمیش کاک «عەبدوڵڵا سەمەدی» بزانن کە **«س. چ هێرش»** بەرپرسی ئەو کاتەی گۆڤاری گزینگ، دەستی لە ناوەرۆکی نووسراوەکە وەرنەداوە، وەک نووسەر لە پەراوێزی خاڵی یەکەمی دەقەڕاستکراوەکەیدا ڕایگەیاندووە.

بەڕێز کاک «عەبدوڵڵا سەمەدی»ا لە درێژەی پەراوێزی خاڵی یەکەمدا نووسیویە: «.. کاتێک پاشی سێ مانگ دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکە، من گۆڤاری گزینگم بە دەست گەیشت سەرم لە نووسراوەکەی خۆم سوڕما و بە شەرمەزارییەوە دیتم لە دوای نووسراوەکەم هێرشێکی ناحەق و نابەجێ کراوەتە سەر کاک بەهمەن و کاک خوسرەوی کوڕانی هونەرمەند خەلیلی سەددیقی! .. من ئێستاش نەمزانی ئایا ئەوکارە سەهو بوو؟! عەمد بوو؟! کەمتەرخەمیی کەسێک بوو؟! بۆ من بوو بە بیرەوەرییەکی ناخۆش. ...» (ماڵپەڕی دەنگەکان: پەراویزی خاڵی 1).

دەبێ بە خزمەت کاک عەبدوڵڵای بەڕێز ڕابگەیێنم کە ئەو کارە ئەسڵەن (عەمد) نەبووە، بەڵکە (سەهو) و (کەمتەرخەمیی) بووە کە لایەنی(سەهو)ەکە نووسەری وتارەکە دەگرێتەوە و، لایەنی (کەمتەرخەمیی)یەکەش بەرپرسی گۆڤارەکە؟! نووسەر لە کۆتایی نووسراوەکەدا نووسیویە: **«دەبێ ئەوەش بڵێم گەلێک شت لەو وتارەدا باس کراوە کە کاک «بەهمەنی سەددیقی» و بێشک کاک «خوسرەو»یش ئاگایان لێی نییە و، دەبێ بڵێم زانیارییەکانی ئەوان لەمەڕ بابیانەوە زۆرکەم بوو. ..»** (گزینگ، ژمارە27، ل 46؛ دەستخەتی نووسەر، ل25).

وەک نووسەریش ئاماژەی بۆ کردووە تەواوی گێرە و کێشەکەی نێوان نووسەری وتارەکە و بەڕێز کاک «بەهمەنی سەددیقی» لەو ڕستەیەڕا سەرچاوەی گرتووە کە کاک«م. مازیار» (عەبدوڵڵا سەمەدی)، دەبوو لە جیاتی ئەو ڕستەیەی سەرەوە، سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی کوڕانی خەلیلی سەددیقی و بەتایبەت کاک بەهمەن کردبایە کە بەشی هەرە زۆری زانیارییەکانی ئەو وتارەی لەوی وەرگرتووە. دیارە (کەمتەرخەمیی)یەکەی بەرپرسی گۆڤاری گزینگ یش ئەوەبووە کە، نەدەبوو ئەو ڕستەیە چاپکرابا، بەڵام ئەوەیکە نووسەر دەڵێ: **«دەقە چاپکراوەکە لەم ئەمدەست و ئەودەست کردنەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆری بە سەردا هاتبوو!..»** ڕاست ناکا و، بێژگە لە هەڵەی ئیملایی کە لەپاڵەوە ڕاستکراونەتەوە، هیچ (شتێک زیاد و کەم) نەکراوە کە ناوەرۆکی باسەکە بشێوێنێ؛ بەڵگەش دەستخەتەکەی خۆیەتی کە لە **ئارشیوی گزینگ** دا پارێزراوە. هەڵبەت لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەرەوان لایەنی ڕاست و دروست لە لایەنی گێچەڵ و گۆنگەڵنانەوە هەڵاوێرن، لاپەڕەی کۆتایی هەردوو وتارەکە، چ نوسخەی چاپکراوی گزینگ و چ نوسخەی

دەستخەتی نووسەر، وەک بەڵگە و دستاوێژ لە خوارەوە دەخرێنەڕوو کە تەمی گومانی (عەمد!) بوونی کارەکە دە زەینی نووسەری ڕێزدار کاک عەبدوڵلادا بڕەوێننەوە.

ئەوەش بگوترێ کە یەکێک لە لایەنە هەرە باشەکان کە دەبێ لە کاری ڕۆژنامەگەریی و چاپەمەنییدا لەبەر چاو بگیرێ لایەنی ڕازداری و دلڕاگرتن و مۆداراکردنە، چ دەگەڵ نووسەر و لەسەرنووسراوان، چ دەگەڵ بیسەر و خوێنەرەوان.

کاک عەبدوڵلا لە پەراوێزەکەدا نووسیویە: «دووەم: بەشێک لە نامە دۆستانەکەش لەگەڵ وتارەکە لێکدرابوو! ... هەر بە دیتنی وتارەکە، زوو ڕوونکردنەوەیەکم نووسی و بە فاکس ڕەوانەی گزینگم کرد، تا لە هەنگاوی یەکەمدا کوڕانی هونەرمەند خەلیلی سەددیقی لە چۆنیەتی ڕووداوەکە ئاگاداربکەمەوە، و لە هەنگاوی دوویەمدا وتارەکە ڕاست بکەمەوە. بەڵام پاشی چەند جار پێوەندیی تەلەیفۆنیش لەگەڵ بەرپرسی بەڕێزی گۆڤاری گزینگ، بە داخەوە ڕازی نەبوو ڕوونکرنەوەکەی من چاپ بکا! بەڵگەشی بۆ چاپنەکردن ئەوەبوو کە ئەو ڕوونکردنەوەیە گۆڤارەکە دەباتە ژێر پرسیارەوە لە کاتێکدا گۆڤارەکە تاوانێکی نییە و وتارەکە هەر بەو جۆرە گەیوەتە دەستی. منی شەرمێون، موزمەحیل مامەوە. ... تاکوو پاش ماوەیەکی زۆر ئاگادار بووم کاک بەهمەن وەڵامێکی بۆ من نووسیوەتەوە و لە ژمارە 29ی گزینگدا بڵاوکراوەتەوە... چونکە بێشک ئەوەی کرابوو کارێکی ماکیاڤیلیانە بوو.» (دەنگەکان).

بۆ ئاگاداریی نووسەر و ئەوەیکە لایەنی «ڕازداری»یەکەش ڕابگیرێ کە هەم نامە دۆستانەکە و هەم دەقی فاکسەکە لە ئارشیوی گزینگدا پارێزراون، جارێ بڵاوناکرێنەوە مادام زۆر زۆر پێویست نەبن، بەڵام یەکەم: ئایا ئەو ڕستەیە: «.. ئەم وێنەیە زۆر گرینگ و مێژووییە و بەداخەوە زیراکسە. بۆ ئەوەی هەموو کەسەکان بە دروستی بناسێندرێن کلیشەی خواروو ڕێنوێنە.» (دەستخەتی نووسەر)، نامەی دۆستانەیە یان پێوەندی بە باسەکەوە هەیە؟

دووهەم: وتارێک بۆ گۆڤارەکە هاتووە و وەک خۆی بە ئەمانەتەوە بڵاوکراوەتەوە. ئیدی، چ کارێکی نابەجێ ئەنجام دراوە کە گۆڤارەکە بچێتە ژێر پرسیارەوە؟!

سێهەم: ئایا ئەو ئاکار و کردارەی کاکی نووسەر (م. مازیار) کە زانیارییەکانی لە ڕووی نوسخەی فارسیی کاک بەهمەن وەک سەرچاوەی ئۆرگینال، کۆپی کردووەتەوە ماکیاڤیلیانەیە یان هەوڵ و کۆششی بەرپرسی گۆڤاری گزینگ کە بە تکا و ڕەجای نامەیی و تەلەفۆنیی لە کاک بەهمەنی ویستووە واز لە نووسەر بهێنێ و، لە گوڵ ناسکتری پێ نەڵێ (بڕوانە ڕونکردنەوەی گزینگ لە: **نامەیەک لە کوردستانەوە**).

چوارەم: نووسەر دوای ئەوەیکە لەلایەن کوڕانی مەرحووم «خەلیلی سەددیقی»یەوە تووشی گلەیی و سکاڵا و شەڕە دندووکە دەبێ و، (شەرمەزار و شەرمێون، خۆیان لێ دەدزێتەوە)، ئەو نامە فاکسییە وەک پاکانە و پاساودانی ڕووداوەکە، بۆ گۆڤاری گزینگ ڕەوانە دەکا؛ بەڵام هەروەک لە سەرەوە گوترا بەرپرسی گزینگ بەر لەوەی نامەکە چاپ بکا نێواناخۆشییەکەی فەیسەڵە پێدابوو. هەروەها چونکە نامەکەش، جگە لە پاڕانەوە و لاڵانەوە شتێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو چاپ نەکراوە. دیارە هۆی چاپنەکردنەکەشی بە تەلەفۆنی پێڕاگەیێندرابوو.

بە هەر حاڵ، دیسانیش ئەگەر کاکی نووسەر، هەموو دیزە و گۆزەی هەڵە و خەتاکانی خۆی دە سەر بەرپرسی گۆڤاری گزینگدا نەشکاندبا، ڕەنگە ئەم هەموو وەختگرتن و دەستاوێژ و بەڵگەهێنانەوەش پێویست نەبووبا..

بەڵام، لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی بزاندرێ کە هیچ چەشنە کردارێکی (عەمد!) و ئاکارێکی (ماکیاڤیلیانە!) بە نیسبەت کاک «عەبدوڵڵا سەمەدی» هاوشاریی خۆشەویست (کە هێژ بە خزمەتی نەگەیشتووم) لە ئارادا نەبووە، تکایە دەقە ڕاستکراوەکەی (دەنگەکان) و دەقە چاپکراوەکەی گزینگ و، هەروەها ئەو دەستاوێژانەش پێکەوە بەراورد بکەن.

2004-11-25، س. چ هێرش

بوو، هەوێنێکی بەهێز بوو بۆ هاندان و کێشانی پێنووسی خەلیل بۆ ئەم سەرخۆشی و بێ خەبەرییە.
تاکو وای لێهات ببوو بە جێگەی داخ و حەسرەتی هەموو خەڵکی مەهاباد.

ژیانی خەلیلی سەددیقی بە ئەنجامێکی غەماوی و چارەنووسێکی چاوەڕوان نەکراو، لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا لە ٤ی ڕێبەندانی ١٣٤٨ (٢٤ی ژانویەی ١٩٧٠)، لە نەخۆشخانەی «شێر و خورشید»ی مەهاباد دوایی هات و دڵی پڕ لە ئومێدەکەی لە کوتان کەوت.

بنەماڵەی سەددیقی، لە باب و باپیرانەوە دەستی ئیرادەتیان دابووە «شێخی بورهان» و زۆر کەسیان لە گۆڕستانی گوندی «خانەقا»، نزیک گڵکۆی عارفی گەورەی کورد «شێخ یوسف شەمسەدینی بورهانی» نێژراون. خەلیلیش وەک ئاواتێکی پێی خۆش بووە هەر لەوێ بنێژرێ، بەڵام دۆستان و ئاوالانی خەلیل تەرمی ئەویان لە گۆڕستانی «بوداغ سوڵتان»ی مەهاباد، نزیک گڵکۆی «سولەیمانی موعینی»، کە ساڵێک بەر لە خەلیل شەهید کرابوو و هەروەها لە ئاوالانی نزیکی ئەویش بوو، بە خاکی نیشتمان ئەسپارد.

——— تەواو ———


خاڵۆ! ئەم ٨ (چەند) لاپەڕەیە سەرجەمی کارێکە کە لەم ماوەیەدا توانیومە لە سەر خەلیلی سەددیقی، بۆ جەنابتی ئەنجام بدەم. کە ئێستەم لە زۆر کەسان وەرگرت. و زۆریش سەرچاوەم پشکنی. ناڵێم کارێکی پوخت و تەواو و بێ هەڵەیە. بێ شک لەنگ و لۆری تێکەوتوو

بەڵام ٢ هەوڵێکە بەپێی توانا. دەبێ ئەوەش بڵێم گەلێک شت لەم وتارەدا باسکراوە کە کاک بەهمەنی سەددیقی و بەتایبەتی کاک خوسرەوش ئاگاداری لێ نییە. دەبێ بڵێم زانیا- رییەکانی ئەوانیش لە مەڕ بابەتەوە زۆر کەم بوو. ئەم وێنەیە ژ(٤) زۆر گرنگ و مێژوویی و بەداخەوە زیراکسە. بۆ ئەوەی هەموو کەسەکان بە دروستی بناسێندرێن "کلیشە"ی خوارەوو ئەنوێنە.






١- خەلیلی سەددیقی ٢- حاجی هاشم نانەوازادەگان ٣- عەزیزی کوردپور ٤- عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان ٥- سالحی مەستانی ٦- عەلی مرادی ٧- حوسێنی ساڵحیان ٨- ئەحمەدی ئاڵبەندی ٩- محەممەد کەرباسی ١٠- عەلی خادیمی ١١- فەتاح چاوشێت ١٢- حوسێنی میرەیی ١٣- مستەفا مۆمنی ١٤- ع/ڕەحمانی حەسەن زادە.




١) خەلیلی سەددیقی ٢) حاجی هاشم نانەوازادەگان ٣) عەزیزی کوردپوور ٤) عوبەیدوڵلا ئەییوبیان ٥) سالحی مەستانی
٦) عەلی مرادی ٧) حوسێنی سالحیان ٨) ئەحمەدی نالبەندی ٩) محەمەدی کەرباسی ١٠) عەلی خادیمی
١١) فەتاح چاوشێت ١٢) حوسێن میرەیی ١٣) مستەفا مونمینی ١٤) رەحمانی حەسەن زادە

یۆسف شەمسەددینی بورهانی» نێژراون. خەلیلیش وەک ئاواتێک پێی خۆش بووە هەر لەوێ بنێژرێ، بەڵام دۆستان و ئاواڵانی خەلیل تەرمی ئەویان لە گۆڕستانی «بوداغ سولتان»ی مەهاباد نزیک گڵکۆی «سولەیمانی موعینی» کە ساڵێک بەر لە خەلیل شەهید کرابوو و هەروەها لە ئاواڵانی نزیکی ئەویش بوو، بە خاکی نیشتمان ئەسپارد.

**پەراوێزەکان:**

١) ئیزگەی رادیۆ مەهاباد، یەکەم جار لە ١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ (٣٠ ئاوریلی ١٩٤٦) لە لایەن کۆماری مەهابادەوە دامەزرا. لە ساڵی ١٣٢٦(١٩٤٧) بە گیرانی مەهاباد و رووخانی کۆمار، ئەو رادیۆیەش بەسترا. بۆ جاری دوویەم لە ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣) بە ماوەی دەساڵ لەلایەن لەشکری دەوڵەتییەوە ئیزگەیەکی کەمهێز دانرایەوە و دەورێکی باشی بینی. بۆ جاری سێیەم لە ساڵی ١٣٥١(١٩٧٢) ئیزگەی تازەی رادیۆ مەهاباد کرایەوە و سەعاتی بەرنامەکان و هێزی رادیۆکە لە جارەکانی پێشوو پتر بوو و تائێستا بەردەوامە.

٢) مێژووی دامەزراندنی ئیزگەی رادیۆ لە شاری سنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٠ (١٩٥١)، بە دانانی ئیزگەیەکی کەمهێز لەلایەن سوپای عەسکەری شاری سنەوە.

ئەم ئیزگەیە حەوتووی جارێک لە ڕۆژانی شەممۆدا، لە سەعات ٧ی ئێوارە تا ٨، بە ماوەی سەعاتێک دەنگوباسی سەربازی و گۆرانی کوردی بلاو دەکردەوە. ساڵی ١٣٣٣(١٩٥٤) دەزگایەکی بەهێزتر دامەزرا و بە ناوی «رادیۆ سنە»وە دەستی بەکارکرد و ماوەی پرۆگرامەکانی گەیاندە ٥ سەعات (٣ی پاش نیوەڕۆ تا ٨ ی شەو). لە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦٠) ئیزگەکە بەهێزتر کرا و شوێنەکەی گوێزرایەوە بۆ شوێنێکی باشتر و ماوەی بەرنامەکانی بوو بە ٢٤ سەعاتە.

٣) شاری سنە لە ساڵی ١٣٠٤ی کۆچی(١٦٣٦ز) لەلایەن «سلێمان خانی ئەردەڵان» بە ناوەندی حکوومەتی هەڵبژێردرا. لەو دەمەوە بە ماوەی پتر لە ٣٥٠ ساڵ، هەمیشە مەکۆی حکوومەت و شارستانیەت بووە لە کوردستاندا. هەڵبەت حاکمانی ئەردەڵان بەر لەم مێژووەش هەر حاکم وفەرمانڕەوای کوردستان بوون و مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی.

**تێبینی نووسەر:**

خالۆ! ئەم چەند لاپەڕەیە سەرجەمی کارێکە کە لەم ماوەیەدا توانیومە لەمەڕ خەلیلی سەددیقی، بۆ جەنابتی ئەنجام بدەم. کەڵکم لە زۆر کەسان وەرگرت و، زۆر سەرچاوەشم پشکنی. ناڵێم کارێکی پوخت و تەواو و بێ هەڵەیە. بێشک لەنگولۆری تێکەوتووە، بەڵام هەوڵێکە بە پێی توانا. دەبێ ئەوەش بڵێم گەلێک شت لەو وتارەدا باس کراوە کە کاک «بەهمەنی سەددیقی» و بێشک کاک «خوسرەو»یش ئاگایان لێی نییە و، دەبێ بڵێم زانیارییەکانی ئەوان لەمەڕ باوکیانەوە زۆر کەم بوو. وێنەی ژمارە ٤، زۆر گرینگ و مێژوویی یە و بەداخەوە زیراکسە. بۆ ئەوەی هەموو کەسەکان بە دروستی بناسێندرێن کلیشەی خوارەوەی [وێنەکە] ڕێنوێنە. ■

# نامەیەک لە کوردستانەوە

ماوەیەک لەمەوبەر، لەلایەن بەڕێزکاک «بەهمەنی سەددیقی» کوڕی مەرحووم «خەلیلی سەددیقی»، نامە و ژیاننامەیەک، وێڕای چەند وێنەی یادگاریی و دوو کاسێت لە بەرهەمەکانی مەرحوومی «خەلیلی سەددیقی» بە هۆی دۆستی بەڕێز کاک «س. لاوەیی» بۆ گۆڤاری گزینگ ڕەوانە کراوە کە جێگەی سپاس و پێزانینە. کاک بەهمەن، ئەو نامەیەی وەک سکالایەک، سەبارەت بە نووسراوەی «ئاوڕێک وە سەر ژیان و بەرهەمی... خەلیلی سەددیقی(گزینگ، ژمارە ٢٧)» بە قەڵەمی نووسەری ڕێزدار «ع. مازیار»، وێڕای ژیاننامەکە، بە نیازی بڵاوکردنەوە ناردووە. بەڵام چونکە ناوەڕۆکی ژیاننامەکە، لەگەڵ دەقە چاپکراوەکەی کاک «م. مازیار» کە بەوپەڕی سەداقەت و دڵسۆزی و جوانکارییەوە نووسراوە، فەرقێکی ئەوتۆی نییە، لێرەدا تەنیا نامەکە و چەند وێنەی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو «خەلیلی سەددیقی» پێشکێشی خوێنەرەوان دەکرێ و، لە کۆتاییدا هیوادارین ئەگەر سووکە دڵئێشانێکیش لە نێوان کاک بەهمەنی خۆشەویست و نووسەری خامە ڕەنگین کاک «م. مازیار» بە بۆنەی ئەم وتارەوە ڕوویدابێ ـ کە هەردووک لا بۆ ئێمە ئازیزن ـ هێور و ئەهوەن ببنەوە. (گزینگ)

بەڕێز.......

وێڕای عەرزی سڵاو و درودی بێ پایان بۆ جەنابت و هاوکارانی ئازیزی دیکەتان، هەر ڕۆژ زیاتر لە پێشوو لە کاری گەورە و گرینگ کە هەمان خزمەت لە پێناوی گەشەپێدانی فەرهەنگی و ئەدەبی و بەتێکڕایی ڕۆشنگەری یە، سەربڵیند و سەرکەتوو بن.

هەروەها لەوەیکە لە ژمارەی ٢٧ی گۆڤارە سەرکەوتووەکەتان، ژیاننامەی باوکی هونەرمەندم مەرحووم «خەلیلی سەددیقی»تان بە قەڵەمی «ع. مازیار» چاپ کردووە بێنیهایەت منەتبار و سپاسمەندم، هیوادارم لە بەستێنی ناساندنی سیما و شەخسییەتگەلی سیاسی ـ ئەدەبی ـ فەرهەنگیی نەتەوەی کورد کە بە زۆر هۆیان بە دەشتی فەرامۆشی ئەسپاردراون هەر ئەو میتۆد و شێوەیەی کە ڕەچاوتان کردووە درێژە بدەن کە کارێکی تابڵێی مەزن و شیاوی پەسنە. ئێمەش بە نۆبەی خۆمان لە هەوڵدا دەبین بە گوێرەی هێز و توانایی لە داهاتوودا زیاتر لە خزمەت ئێوە دڵسۆزان و ئەمەگدارانداا بین، ئیشاڵلا.

برای گەورەم کاک هێرش، بیرهێنانەوەی خاڵێک سەبارەت بە وتاری ئاماژەپێکراو بۆ منی چکۆڵە خاوەنی گرینگی یە و لە کانگای دڵمەوە دەخوازم کە هەم ئێوە دڵسۆزان و هەم خوێنەرەوانی گۆڤارەکەش ئاگاداری جەریانی کارەکە بن و ئەویش ئەوەیە کە نووسەری وتارەکە «ع. مازیار» بە ئانقەست یا بە سەهو ئەخشی منی لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ژیاننامەکە نە تەنیا لەبەرچاو نەگرتووە بەڵکە لە ئاخری وتارەکەدا وایداناوە کە زانیارییەکانی بەردەستی نێو بیۆگرافییەکە دەبەرگری مەتڵەبگەلێکە کە تەنانەت بەهمەنی سەددیقی و خوسەرەوی سەددیقی کوڕانی مەرحووم خەلیلی سەددیقی لێی بێ خەبەربوون کە بچووک ئەوکارەی ئاغای «ع. مازیار» و ئەو ئیدعایەی وی کە بۆنی هەقیقەتی لێ نایە و شەخسی ئەوانیش باشتر لە هەرکەس دەزانن تەواوی مەتڵەب و زانیارییەکانی تۆمارکراو لە وتارەکەدا لە لایەن منەوە لە ئیختیار ئەوان نراوە نازانم چۆن هەڵسەنگێنم تەنیا داوەرییەک کە دەبێ بیکەم ئەوەیە کە بەڕاست کاری فەرهەنگی و ئەدەبی و کاری مەعریفەتی ئەشێ بە ڕەوشتی تایبەت بە خۆی و ڕەسەنایەتی شاز تێکەڵاو بێ، لە کاری ڕۆشنگەری و ئەدەبیدا نابێ ڕەوشتی ناجوامێرانە ڕێگەبدرێ و لە ئەساسدا لە شێوەگەلی ماکیاڤێلی لانیکەم لەو عەرسەیەدا دەبێ دووری بکرێ ئەگەر لە گۆڕەپانی سیاسەتدا وەسوەسەی دەسەڵات (وەسیلە هەدەفی تەوجیه دەکا) لەو شەرگەیەدا ئەخلاقیات حاکمی موتڵەقن. لە کۆتاییدا دەبێ ئەوەشی بخەمەسەر کە وتاری ژیاننامەی خەلیلی سەددیقی (بە ڕواڵەت بە قەڵەمی ع. مازیار) تەواوی هەوڵی منی بچووک لەو زانیارییە دەگمەنانە بووە کە لە ئیختیاری بنەماڵەدا هەبووە و خۆم ئەوانم کۆکردووەتەوە و سادقانە بە نیازی خزمەت لە ئیختیاری «ع. مازیار»م ناون.

بۆ خەتمی کەلام، بچووک ئارەزووی سەرکەوتوویی هەرچی زیاتر بۆ ئێوە سەروەران و ڕێڕەوانی ڕێگەی ئازادی دەخوازێ.

بەو پەڕی ڕێزەوە: کاوە (بەهمەن)ی سەددیقی